# پەڵەی بیرەوەرییەکان
# بۆ چلەی مامۆستا "کەریم رەزا"



ساڵح محەممەدئەمین

مرۆڤ، کە لە شوێنێکی ئەم دونیا بەرینە و لە چرکەساتێکی دیاری نەکراوی، ماوە لەبن نەهاتووەکەیدا چاو دەکاتەوە و گەشتی ژیانی دەستپێدەکات، بە کەسانێکی زۆر دەگات و لێشیان جویدەبێتەوە.. "کەمن" ئەو ناسیاوانەی تا سەر لەگەڵیان دەمێنینەوە، هەندێکیان چەنێکیش لێیانەوە دووربین هەست بە نزیکیان دەکەین و، یەکبینە لەگەڵیان دەدوێین، بەتایبەتی کە چەند تاقیکردنەوەیەک لە نێواندابێ. ئەی نابینی زۆرجار کەسێکی تەنیا لەبەر خۆیەوە دەدوێ؟؟ هەشیانە چەند لێیەوە نزیکبین و لەپاڵیشماندابن هەست بە بوونیان ناکەین..

پایزی ١٩٦٥ لە رانیە دامەزرام. پیاوێکی مەنگی باڵا مامناوەندی سوورووسپی هەمیشە رێکپۆش و رووخۆش، کە بە "کەریم رەزا" دەناسرا، بەڕێوەبەری تاکە ناوەندییە تێکەڵاوەکەی بوو... لە یەکەم رۆژی ناسینییەوە هەستم بە ئارامییەکی دەروونی سەیرکرد لە ئاستیا. ئارامییەک مەگەر هەر لە ماڵ و ناو کەسوکاری خێزانێکی پێکەوە گونجاودا هەست پێبکرێت. هەستەکەش تا دەهات زیاتر دەچەسپی، چونکە کورد واتەنی "سەفەر و موعامەلە سەنگی مەحەکن".. لە ماوەی دوو ساڵی پێکەوەییماندا سەفەرو معامەلەی زۆر کەوتە نێوانمانەوە. سەرەتا سەرجەم برادەرەکانی خۆیی پێناساندم، کاتێکیش بەچاکی یەکترمان ناسی، یەکبەیەکیانی بۆ هەڵسەنگاندم، لە هەندێکیان وریای دەکردمەوەو لە زۆربەشیان دڵنیای دەکردم. بەردەوام دەیووت "ناکرێ گومان لە هەموو دەورو بەری خۆمان بکەین.". ئەو ساڵانە سەراپای کوردستان رووداوڕێژکرابوو، هەندێکیشیان بە ئێمەدا تەقینەوە.. رووداوەکان چەند سەختیش بوونایە، ئەو بە رووەخۆشەکەیەوە بەسەرخۆی دێنایەوە.. رانیەش وەک زۆربەی شار و شارۆچکەکانی ئەم کوردوستانە، هەر کە تاریک دادەهات هاتوچۆکردن تێیدا قەدەغەبوو.. زۆربەی ئێوارانی پێنجشەموان، هەر شەوەو لە ماڵێک خڕ دەبووینەوە.. ئەوکاتیش وەک ئێستا سەرباسی شەوانەمان ئەو بارە ناهەموارەبوو کە نەتەوەکەمانی تێکەوتبوو. زۆر لە وتەو بۆچوونە وردەکانی مامۆستای کۆچکردوو سەرنجیان رادەکێشام، بە تایبەتی میانڕەوییەکەی و قایلبوونی بە فرە بۆچوون و فرەلایەنی، کە بە داخەوە ئێستاشی لەسەربێ، زۆرکەس لە خۆیان و بۆچوونەکانی خۆیان زیاتر بەدیناکەن.. مامۆستا کەریم بە رەفتاری جوانی و گرتنی

ڕێزی بەرامبەر و دیاریکردنی دۆست و دوژمنی ڕاستەقینەی نەتەوەکەی، لە هەموو شتێکدا ڕاوێژی پێدەکراو ڕێزی خۆشی بەسەر هەمواندا دەسەپاند..

بەهاری یەکەم ساڵی خوێندنی مامۆستایەتیم، کە هێشتا قوتابیانە بیرم دەکردەوە، لە پۆلەکەمدا خەریکی وانە وتنەوەبووم، "عەریف جەبار"ی سەردەستەی پارێزگەرانی "غانم میسباح"ی ئامیر لیواکەی چوارقوڕنەی ئەوکاتە و یاریدەدەری "زەعیم سدیق"ی ئامیر لیوای بیستی "منع تەجەولەکەی" ساڵی ١٩٦٣ی سلێمانی، لەگەڵ چەند سەربازێکدا خۆیان بە پۆلەکەمدا کرد، لە "ناو"ی پرسیم و بە ڕێزەوە پێشخۆی دام و بە جێبێکی سەربازیانە بەرەو قائیمقامیەتی کردمەوە.. کە کردمی بە ژووری قائیمقامدا، زۆر پەشۆکابووم.. بە سڵاوکردن و دانیشتنم "غانم میسباح" کەوتە پرسیارکردن، منیش چەند وەڵامێکی بەپەلەم دایەوە، چونکە یەکەمجار پرسیارەکانی لە لێکۆڵینەوەوە نزیکتربوو وەک لە شتێکی ئاسایی، بۆیە زیاتر پەشۆکاندمی. بەڵام کە چاوم بە بزەی سەر لێوی خوالێخۆشبوو کاک "ئەنوەر عارف بەگ"ی قائیمقام و ڕووە گەشەکەی کاک کەریم ڕەزا کەوت، کەمێک بەخۆهاتمەوە.. ئەو سەرەتای بەهارە هەورەبروسکە لە چەند شوێنێکی داو یەک دوانێکیشی کوشت، بۆیە ئامیر و گەورە ئەفسەرانی سەربازگەکە بۆ یەکێک دەگەڕان کە ڕێگرییەکی زانستیانەیان بەڕووی هەورەبرووسکەدا بۆ دابنێ.. منیش بۆ خۆلادان لەو کارە، کەم ئەزموونی و نەشارەزایەتیم کردە پاساو..

لە ئایاری/١٩٦٦دا، لە کاتێکدا بە تاقیکردنەوەی سەری ساڵەوە خەریکبووین، کۆنە قوتابییەکمان کە چەند مانگێک بوو ببوە پێشمەرگە، جا یان خۆی گەڕابۆوە ناو میری یا گیرابوو، کەتنێکی گەورەی لە ڕانییەدا نایەوە. "غانم میسباح"یش، کە بە دوای شتێکی پچوکدا دەگەڕا گەورەی کات، کردییە بیانوو بۆ تۆقاندنی دانیشتوانەکەو، خۆیئاسا قەدەغەکردنی هاتوچۆکردنی ڕاگەیاند. بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە، بە لیستێک ناوەوە، کە "سدیق سابیر"ی کۆنە قوتابی خۆمان بۆ دەربازبوونی خۆی دابوینێ، سەربازگەلێکی زۆری بەناو سەرجەم کوچەو کۆڵانەکانی شارۆچکەکەدا بڵاوکردەوە. بە تەرزی ساڵی شەستوسێی سلێمانی، کەوتنە پشکنینی ماڵان و خانوبوێریان نەکرد.. زۆربەی لاو و پیر و ژن و هەرزەی شارەکەیان لای بارەگا سەربازییەکەی ئەوکاتەی بەرامبەر بەنزینخانەکەی ئێستای سەر ڕێگای ڕانیە چوارقورنە، خڕکردەوەو ناونووسیان کردن و نزیکەی پەنجا کەسێکیان لێگلدانەوە، ئەوانی دیشیان بە دەم هەڕشەوە بەردا.. لە سەربازگەی چوارقوڕنە، "سدیق سابیر"، کە دواتر بە تەوسەوە ناوی "زەعیم سدیق"مان بەسەردا بڕیبۆوە، هێناو بەسەرماندا گەڕاو، یاریدەدانی پێشمەرگەی دەخستە پاڵ هەرکەسێک کە خۆی بیویستایە. بەوجۆرە ٤٢ کەسیان لە، فەرمانبەرو کاسبکار و مامۆستا کەریم و چەندین قوتابی و نووسەری ئەم چەند دێڕەیان گلداینەوە. تا تاقیکردنەوەی سەری ساڵمان تەواوکرد، ڕۆژانە، بە زیلی سەربازی، ئێمەو قوتابییە گیراوەکانیان بۆ ناوەندی ڕانییە دەبرد و دەیانگێڕاینەوە.. جگە لە ژێر خێوەتەکانی سەربازگەی چوارقوڕنە، کە شەوان، سەرباری لێکۆڵینەوە، مێشوولە و بە ڕۆژیش باری دەروونی و گەرما هەراسانیان کردبووین، ماوەی ٥١ ڕۆژمان لە گرتوخانەکانی ڕانیەو کەرکوک و سلێمانی بەسەربرد. لەو ماوەیەدا بوونی مامۆستا کەریم، توانایەکی زۆری، نەک هەر بە من، بەڵکو بەهەموان بەخشیبوو. لە گرتوخانەکاندا کێشەی زۆرمان بەرەوڕوو دەبۆوە، بەڵام دانایی مامۆستا کەریم

کێشەکانی بۆ پچوک دەکردینەوەو لە بەسەرهاتی گەورەتر دەیپارستین.. دوای بەربوونمان، من، کە هێشتا ساڵی تاقیکردنەوەم بەسەر نەبردبوو، تا سێ مانگ نە گێڕامەوە سەرکار. بەڵام سووربوونی برای کۆچکردووم و نووسراوە یەک لەدوا یەکەکانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی، پەلەی لە گێڕانەوەم کرد و لەگەڵ کۆتاییهاتنی پشووی سەری ساڵداو بە هەوڵی دڵسۆزانەی ئەو بەڕێزە دووبارە خرامەوە سەرکار..

ئەوکاتە، بەهۆی باری نائاسایی کوردستانەوە، ڕێگەی خەڵەکان قەدەغەبوو، بۆیە هاتوچۆمان لە کۆیەوە بۆ کەرکوک و لەوێشەوە بۆ سلێمانی دەکرد. لە ٤ی ئێوارانیشەوە، بە بیانووی مەترسی ڕێگاوبانەوە، بازگەکانی دەرچوون لە شارو شارۆچکەکان ڕێیان بە ڕۆیشتنی ئۆتۆمۆبیل نەدەدا. جارێک کە لە سلێمانییەوە دەگەڕاینەوە بۆ رانیە، چەند خولەکێکی مابوو بۆ ٤ی عەسر، لە بازگەی دەرچوونمان لە کۆیەوە بەرەو چنارۆک، سەربازەکان بۆ دواخستن و دواتریش ڕێنەدانمان، بە ناوی پشکنینەوە ویستیان هەرچییەکمان لەسەر جێبەکە داناوە، پێداگرن و بە وردی سەیریکەن. خواوراستان کابرایەکی کۆیی قەڵەوی دەمانچە بەقەد، چاکوخۆشییەکی گەرمی لەگەڵ مامۆستا کەریم کرد و داوای دابەزینی لە سەربازەکە کرد و، ئێمەی لە مانەوەی ئەو شەوەی کۆیە رزگارکرد. هەرکە لە چنارۆک سەرەوخواربووینەوە دونیا تاریک بوو. بەر لە گەیشتنمان بە شەقامە سەرەکییەکەی رانیە خەڵەکان، جێبەکەمان وەرگەڕا، بەڵام هەموو سەلامەت دەرچووین. ئەگەرچی ژمارەشمان زۆربوو نەمانتوانی جێبەکە هەڵسێنینەوە، بۆیە لەگەڵ مامۆستا کەریمدا بەرەو لای پردی هیزۆپ بووینەوە. لەمبەرەوە هاوارمان لە خەڵکی گوندێکی ئەوبەردەکرد تا بە هانامانەوەبێن. دوای هێنان و بردن و ناسینەوەی کاک کەریم هاتن و، لە راستکردنەوەی جێبەکەدا یارمەتییەکی باشیان داین..

ساڵی ١٩٧٤، دوای بۆردومانکردنی قەڵادزەو هەڵەبجە، لەگەڵ چەند مامۆستایەکی ئامادەیی بازرگانی، کە بڕیاربوو لە هەڵەبجە بکرێتەوە، بەڵام بۆردومانەکە بیرۆکەکەی هەڵوەشاندەوە، لە پێنجوینەوە بەپێ بەرەو چۆمان کەوتینەڕێ. لە ڕێگا بیرم لە چارەنووسی مامۆستا کەریم دەکردەوە، کە ئەوکاتە لە هەولێر سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بوو. دەمزانی ئەو برایە لە هەڵبژاردنی مانەوەو چوونە پاڵ شۆڕش ئەمیان هەڵدەبژێرێ، بۆیە بە درێژایی ئەو چەند شەو و ڕۆژەی ڕێگاکە بیرم لە دۆزینەوەی ئەو دەکردەوە.. یەکەم ئێوارەی گەیشتنمان و لەکاتێکدا بە راستە شەقامەکەی چۆماندا دەهاتین و دەچووین، گوێم بەدەنگی مامۆستا کەریمی خۆشەویست و دڵسۆزی نەتەوە کلۆڵەکەم زرنگایەوە. دەنگێک چی ماندوێتی ئەو ڕێگا دوورو درێژەیە لەبیربەرێتەوە. دەنگێک لە ئارامی ئەو رۆژگارە نائارامەت هەڵکێشێ. دەنگێک لەناو ناڵەی بۆردومان و کاولکاریی بەر لوولە تۆپی ژینکوژان، بە ژیانی راستەقینەت بگەیەنێ.. دەنگێک وەک ماڵە هەمیشە پڕ لە میوانەکەی خۆێ، پشووی هەڵاتووی دەستی راوکەرانی جوانیت بەسەردا ببارێنێ. دەنگێک شنەی بەهارە ئەتککراوەکەی رۆژگارە ناهەموارەکەت بۆ بگێڕێتەوە.. دەنگێک وا دڵسۆزانە بانگتکات خۆت لە نێوان "ڤیان و ئاڤان و کامەران و ئەڤین"ی منداڵانی و "مەهدییە" خانی زۆر بەڕێزی هەمیشە ماندووی هاوسەریدا ببینییەوە. ئای لەو دەنگە گەرمەی دڕی بە ساردی ئەو ئێوارەیەی بەهاری چۆمان دا. ئەو دەنگەی بەقەدەر هەموو ناخۆشییەکانی ئەو رۆژە خۆشیت پێببەخشێ. بەقەدەر نامرۆڤێتی دەسەڵاتدارانی وڵاتە ئەتککراوەکەی ناوی عێراقی لێنراوە مرۆڤایەتیت بەبەربرێ. بەقەدەر کۆستی خێزانانی سەرجەم بەرکەوتوانی

بۆردومانەکانی قەڵادزەو هەڵەبجەو سەرجەم بۆردومانکانیدی ئەوکاتە، داتخورپێنێ.. دەنگێک بەقەدەر ترسی ژن و پیرو منداڵانی ناو کونە تەیارەی کاتی بۆردومانی فرۆکە، بێکەسییەکەت بڕەوێنێتەوە. دەنگێک بەبڕی گەرمی هەموو ئەو فرمێسکانەی لە مەرگەکەیدا ڕێژرا، گەرمت کاتەوە. دەنگێک بە قەدەر دڵەڕاوکێی پێش ماڵئاواییە هێجگارییەکەی، ڕاتچڵەکێنێ. دەنگێک بەقەدەر بڕوا نەکردن بە مەرگەکەی، وڕتکات. مەرگێک نوقمی ناو فرمێسکی خۆشەویستانی کردبیت و فرمێسکەکانی خۆت بەرەو ناخ ڕۆبچن.. مەرگێک، مەرگێک "ڤیان" وتەنی باوەڕی پێنەکرێ. مەرگێک کە بە دەستخستنە بینی ئەو جوامێرە، شەرمەزاربێ. مەرگێک کە لەم پایزی تەمەنەو بارە خراپەی تەندروستیمدا، لەوەزیاترخۆم لەبەر تەوژمی پەڵەی یادەوەرییەکانیدا پێنەگیرێ.. بۆیە داوای لێبوردن لە ئێوەی بەڕێز دەکەم کە لەم کۆڕی چلەیەیدا، یەک وشەی ترم، نە بۆ دەوترێ و نە بۆشم دەنووسرێ...

سالح محەممەدئەمین

هۆڵندا ٢٩/حوزەیرانی ٢٠٠٨